هەرکەسێک ئەسپێک ڕابگرێت لە پێناو خوای گەورە، باوەڕی بە خودا هەبێت، پەیمانەکانی بە ڕاست دابنێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر لەوەڕاندنی وئاوخواردنەوەی وپاشەڕۆ فڕێدانی ومیزکردنی پاداشتی (بۆ دەنووسرێت) لە نێو تەرازووەکەیدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک ئەسپێک ڕابگرێت لە پێناو خوای گەورە، باوەڕی بە خودا هەبێت، پەیمانەکانی بە ڕاست دابنێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر لەوەڕاندنی وئاوخواردنەوەی وپاشەڕۆ فڕێدانی ومیزکردنی پاداشتی (بۆ دەنووسرێت) لە نێو تەرازووەکەیدا».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک ئەسپێک ڕابگرێت لە پێناو خوای گەورە و بۆئەوەی بەکاریبهێنێت بۆ جەنگ بەرپا کردن دژی دوژمنان و بۆئەوەی خودا لێی ڕازی بێت وهەروەها بەڕاستدانانێکە بۆ پەیمانی ئەو زاتە مەزنە کە دەفەرموێت: {وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَآءَ وَجْهِ اللَّهِ ۚ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ} [البقرة: 272] واتە: {ئەوەی ئێوە دەیبەخشن لە دارایی (لە چاکە) ئەوە (قازانجەکەی) بۆ خۆتانە ئێوە هیچ نابەخشن مەگەر لەبەر ڕەزامەندی خوا نەبێت وە ئەوەی دەیبەخشن لە سامان و (چاکە) پاداشتەکەیتان دەست دەکەوێتەوە و ئێوە ستەمتان لێ ناکرێت}، خوای گەورە پاداشتی خاوەنی ئەو ئەسپە دەداتەوە لەسەر هەر ئاو وخواردنێک ئەسپەکە بیخوات یان خواردنەوەیەک یان پاشەڕۆیەک لێوەی دەربچێت، لە ڕۆژی قیامەتدا دەیکاتە سەر تەرازووی چاکەکانی، لە گێڕانەوەیەکدا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ئەسپ سێ جۆرە: بۆ هەندێک کەس هۆی توشبوونە بە تاوان، بۆ هەندێکیش هۆی پاراستن وپۆشینە . . . ئەوەی کە بووە هۆی پاداشت بۆی: ئەوە کەسێکە لە پێناو خودا ڕایگرتبێت بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان، لە دەشتێکی فراوانی سەوز یان لە باخێکدا، هەموو ئەو گژوگیایانەی لەو دەشتە فراوانە سەوزە یان لەو باخەدا دەیخوات بۆی دەنووسرێن بە چاکە بە ئەندازەی ئەوەی خواردوویەتی، تەنانەت هەموو پاشەڕۆ ومیزەکەیشی بە چاکە بۆی دەنووسرێت، ئەگەر پەتەکەی بپچڕێت تەپۆڵکەیەك یان دوو تەپۆڵکە سەرکەوت خودا بە قەدەر جێی پێکانی وپاشەڕۆکانی چاکەی بۆ تۆمار دەکات، کاتێک خاوەنەکەی دەیباتە سەر هەر چەم وڕووبارێك بۆ ئەوەی ئاوی بدات، خودا بە ئەندازەی ئەو ئاوەی دەیخواتەوە چاکەی بۆ دەنوسێت) [متفق علیه].

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4181